دادوەرێکی کورد وەک ئەندامی یەدەگی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سوێندی دەستبەکاربوونی خوارد

بەپێی راگەیەندراوێکی دادگای فیدراڵی عێراق، دادوەر جاسم جەزا جافر وەک ئەندامی یەدەگی دادگای باڵای فیدراڵی سوێندی دەستبەکاربوونی خوارد.

دادوەر جاسم جەزا جافر، تاوەکو سەرەتای ساڵی 2024، سەرکی دادگای تەمەێچوونەوەی سێیمانی بوو، دواتر وەک ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستبەکاربوو.

شایەنی باسە، لە مانگی ئاداری ئەمساڵ دادگای فیدراڵی عێراق نووسراوێکی ئاڕاستەی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی هەرێمی کوردستان کردبوو، داوای لێکردبوون دادوەرێک بەربژێر بکەن وەک دادوەری بنەڕەتی و دادوەرێکی دیکەش وەک دادوەری یەدەگ بەربژێر بکەن بۆ دادگای فیدراڵیی عێراق، تا ئێستا هەوڵێر هیچ دادوەرێکی کاندید نەکردووە، بەڵام سلێمانی دادوەر جاسم جەزای کاندیدکرد.

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ئەندامی سەرکی و چوار ئەندامی یەدەگ پێکدێن و بەیارمەتیان بەهیچ شێوەیەک تانیان لێناگیرێت.